
دڵخۆش بە
نووسینی : بەناز کامیل

**هەر کاتێک دڵتەنگ بویت......**

**خەمێکت هەبوو هەستت بەناڕەحەتی کرد**

**هەستت کرد بارێکی قورس لەسەر شانتە**

**دەستت بخە سەر دڵت و بیرت بێت خودایەک هەیە لابەری خەمە هێنەری شادیە کەواتە هەموکات دڵخۆشبەو بەروی ژیانا زەردەخەنە بکە....**

## پێشەکی

من بەنازکامیل:ساڵانێکەخەونی ئەوەم هە بووبتوانم کتێبێکی خنجیلانە بنوسم ،کتێبێک ببێتە هاندان و هیوایەک بەخوێنەران ، وتەیەک هە یە دەڵێ تانارەحەتی وسەختی ودژواری نەکێشیت ناگەیتە خۆشبەختی ، وەلێ هیچ کەس نیە ، لەژیانیدا توشی ئازاروخەم نەبوبێتەوە ، کاتێک مرۆڤ بگاتە لوتکەی ئاسودەی وخۆشبەختی ئەبێ نارەحەتی ئازاربکێشێت گەیشتمە ئەوبڕوایەی وتەیەک، کتێبێک، ڕستەیەکی ئومێد بەخش، چەندە دەتوانێت مرۆڤێک بەئاگا بهێنێتەوەو لەبارودۆخێکی، نەخوازراو سەخت ڕزگارت بکات،گەربتەوێ بگۆڕێی سەرەتا کتێبی خودای کەقورآنەو ئەوجا کتێبەکانی خوالێخۆشبوود. إبراهیم فەقێ بووە سەرەتایەک بۆژیانم ولە کتێبەکانی ئەوەوە فێربووم هێزی وشەکان چەندە کاریگەری جێدێڵن بەتایبەت وتەئومێدبەخشەکان ، وەخۆشەویستی لەڕادەبەدەرم، بۆ ئە ونوسە رە گەورەو لێهاتووە، ساڵانێکە خەون وخەیاڵی ئەوەی لادروست کردم ، منیش وەک ئەم پیاوە مەزنە گەر کەمێکیش بێت سودێک بگەیەنم ، لەشێوەی کتێبێکی خنجیلانەو پە یامێکی ئومێد بەخش لەشێوەێ کۆمەڵە وتەی کورت وچیرۆکی کورت بگەیەنم، هیوا وسودێک بەومرۆڤانە بگەیەنم کە خە ریکە نوقمی خەم ودڵتەنگی دە بن،بۆیە ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بەڕوحی خوالێخۆشبوو: د. ابراهیم فەقێ وەبەتایبەتیش بەوکەسانەی کەخە مبارو ودڵتەنگن ،وتەیەک هە یە دەڵێ یەک ئامۆژگاری لەکاتی شکست دا زۆرباشترە لەیەک سەعات پیا هە ڵدان لەکاتی سەرکەوتندا ،وەدەزانم کەسانێک هە ن نوقمی خەم دڵتەنگیبوون دێڕێکی ئومێد بەخش، وتەیەکی هیوابەخش لەکاتی خەمدا چەندە دەتوانێت کاریگەریت لەسەر دروست بکات بۆیەبەوهیوایەم ئەم نوسینانە ببێتە هاندان وئومێدێک تاهە ست بکە ی سەرەتا خۆت ئینجا هە مووان شایەنی دڵخۆشبونن، بزانیت خاوەنی چەندە نیعمەتی بێشوماری ، تۆزۆرلەوە زیاتر خودا ڕێزی لێناویت تا بەخەمەوە ژیان بگوزەرێنیت هیچ کەس بێ خەم نیە وهیچ کەسییش تا سەر خەمبارنابێ دەتوانیت ،سەڕایی هە بونی خەمەکانیشت زۆردڵخۆشبیت ، چونکە دوای هە موو خۆرئاوا بونێک بەیانیەکی جوان هە یە ، مەهێڵە خەمەکانت کۆنتڕۆڵت بکەن ودڵخۆشیت لێ زەوت بکەن ، وە لەگەڵ ئەوەشدا وتە ونوسینی جوانی چەند کەسانێکم بەکارهێناوە بە هاش ناوەکەیانەوەتازیاتر خوێنەر سودی لێببینێت وە ئەمە یەکەم ئەزمونی منە ، بۆکتێبێکی خنجیلانە بەشێوەی pdfهیچ شتێکیش بێ هە ڵە و کەم و کوڕی نیە جگە لەخودا لەکەم وکورتیەکانی ئەم کتێبە خنجیلانەیە ببورن ورەخنەماعقول دروستکەرەکانیشتان ئەخەمە سەرچاوم هە میشە دڵخۆش وکامەران بژین ...

## ❀...بەناوی خودای بەخشندە ومیهرەبان....❀

هه رلەوکاتەی مرۆڤ دێتە دنیاوە، مناڵێکە وسەرەتا بەگریان دەست پێدەکات ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەژیان سەختی ودژواری تێدایە ،وەک چۆن م. سعید نورسی دەفەرموێت: گەرژیان ئەستە م نەبوایە هه رگیز بەگریانەوە لەدایک نەدەبوین !!بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە کەنەنەتوانین دڵخۆشبین ،هیچ کە س ومرۆڤێکیش نیە نارەحەتی وتاڵی نەچەشتبێت تاگەیشتوە بەدڵخۆشی بەختەوەری ، کاتێک ژیانی پێغمبەران و سەحابەکان دەخوێنیەوە، زۆرباش لەوەتێ دەگەیت کەئەوانیش چەن سەختیان چەشتوە سەرەڕای ئەوەی خۆشەویستی خوداش بوون ، تا تاڵی نەچێژی تامی سەرکەوتن و دڵخۆشی ناکەیت، گەر پرسیار لەهه ر مرۆڤێک بکەی لێی بپرسی ئاواتت چیە لەژیانت کۆمەڵێک شتت پێدەڵێت، یەکێک لەوەڵامەکانیان ئەوەیە دڵخۆشبم بەختەوەربم زۆرپێیان وایە دڵخۆشی لەدەو ڵەمەندیایە ،زۆرێکی تریان پێیان وایە لەلەش ساخی دایە ، هه ریە کە ودڵخۆشی خۆی لەشتانێکی دیاریکراودا دەدۆزێتەوە، بەڵام دڵخۆشی وبەختەوەری راستەقینە، لەخۆشویست ونزیکییە لەخوداوە گەرمرۆڤ لەناخە وە دڵخۆش نەبوو چێژ لەژیان وەرناگرێت، بۆنمونە زۆرجار لەژیاندا کەسانێک دەبینین لەهیچیان کەم نیە لەڕوی مادی و تەندروستی، بەڵام هه میشە لەناخەوە روخاون بۆچی دڵخۆشنین..؟! لەکاتێکدا لەڕوی مادی وتەندروستی ولەزۆرڕوە وە لەهیچیان کەم نیە ..!!دەزانن بۆ .؟چونکە بەختەوەری راستەقینە بەپارە و سامان نیە، بەڵکو لەدڵەوەیە ئەویش نزیکیە لەخودا

قه ناعەت کردن بەوبەشەی خودا لەژیان پێی داوی بێ بێ خۆبەراوردکردن بەکەسانی دی ....

**د. ابراهیم فەقێ لەیەکێک لەکتابەکانی باس لەپیاوێک دەکات ئەم پیاوە هە مووڕۆژێک لەپێشی ئاگردانی ماڵەکەی دادەنیشێت ودەڵێت:ئاگردانە گەرمیم پێببەخشە من کۆتەرە دارت پێ دەبەخشم،بۆماوەیەکی زۆر ئەم کابرایە بێ دەسکەوتنی گەرمی مابۆوە..!**

**چونکە ئەم پیاوە لەبیری کردبووپێویستە لەسەرەتادا ببەخشێت ئینجا گەرمی دەست دەکەوێت !!**

**زۆربەی مرۆڤەکانی ئێستاش هە مان چیرۆکی ئەم پیاوەیان هە یە بێ ئەوەی هە وڵبدەن،وبزانن چۆن دڵخۆشی بەدەست دێ دادەنیشن لەسوچێکی ماڵەکە وەک ئەم پیاوە چاوەڕێی هۆکارێکن تا دڵخۆشبن،**

**وە زۆربەمان دڵخۆشی خۆمان وابەستەی کەسانێک دەکەین زورجار دڵخۆشی خۆمان بەکەسەکانەوە دەبەستینەوە!!بێ ئاگا لەوەی دڵخۆشی راستەقینە وبەختەوەری تەنها لەخۆشویستنی خوداوە بەدەست دێت،پاکی و بیگەردی بۆ ئەم خودایەی کە ئەفەرموویت: ( (الا بذکر الله تطمئن القلوب...))**

**دڵەکان تەنیا بەیادی خودا ئارم و ئۆقردەگرن ...**

## ❀ ئەوهۆکارانەی کە دڵخۆشبوون لەناو دەبات چین..؟ ❀

*لە ناخە وە لا وازبیت..

*نەفسیەتت بگۆڕێ بە هە روشەیەکەوە

*خۆت هۆگربکەیت بەهە رمرۆڤێکەوە

*موبالەغە وزیادە رۆی بکەیت لە هە موو مەوقفیکا

*متمانەت بەخۆت نەبێت

*هە میشە بیرکردنەوەکانت نێگەتیفانەبێت

*هە میشە گلەی وگازندەکانت زۆربێت

گەروابیت ئیتر دەبیتە کەسێکی وێران وناخ بەزیو

دکتۆرمحمود موئەزەمی جوانی وتووە ، دەڵێ ئێمەی مرۆڤ هە میشە بە هە لە لەژیان گەیشتوین ..!!چونکە هە میشە بۆئەوەی دڵخۆشبین بۆئەوەی ئاسودەبین چاوەڕێی ئەوەیەن کەکارێک ڕوبدات، بۆئەوەی دڵمان خۆشبێت هە میشە چاوەڕێی شتانێکین، بۆئەوەی ئاسودەبین، وەلێ تۆچاوەڕێی شتانێکی دیاری کراو مەبە بۆدڵخۆشبونت،چاوەڕێی ئەوە مەبە کەسێک دیاریەکت بۆبێنێت ئینجا دڵخۆشبیت چاوەڕێی ئەوەمەبە کەدەرچوی لەتاقی کردنەوەکانت ئینجا دڵخۆشبیت ..! تەنانەت هە رئێستا تۆدەتوانیت بڕیاربدەی تاکو دڵخۆشبیت بێ ئەوەی چاوەرێی هیچ شتێک وهیچ لەکەس بکەی دڵخۆشی خۆت بەکەسەوە وابەستە مەکە جگە لەخودا ....

## ❀ ئەوهۆكارانەی دەبنە هۆی دڵخۆشبوون چین........؟ ❀

١-خۆشویستنی خودای گەورەو باوڕبوون پێی

٢ ـ زۆركردنی یادی خوا و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز .

٣ ـ زۆری تەوبەكردن و داوای لێخۆشبوون .

٤ ـ زورپاڕانەوە لەخودا .

٥ ـ چاكەكاری لە گەڵ دروست كراوەكانی خوای پەروەردگار ، بە ووتە و كردەوە و هەموو چەشنە چاكەكاریەك لە خێر ، و چاكە ، و بەجێهێنانی پەیوەندی خزمایەتی و ، زیان نەگەیاندن و سەلام كردن ، و ئاشتكردنەوەی دوو كەس ، و چاككردنەوەی نێوانیان .

٦ ـ بەرپەرچ دانەوەی خراپە بە چاكە .

٧ ـ كردنی نوێژە فەرزەكان

٨. دوركەوتنەوە لەتەنهایی ودەست بەتاڵی

٩ ـ ئەنجام دانی كردەوەیەك لە كردەوەكان ، وەک گەشتكردن كتێب خوێندنەوە ....هتد

١٠ ـ بایەخدان بە كاری ئەمڕۆ و خۆ خەریك نەكردن بە كاریک كە كاتی نەهاتبێ .

١١ـ باسكردنی نیعمەتە ئاشكرا و پەنهانیەكانی خوای پەروەردگار بۆ شوكرانە بژێركردنی ، نەك بۆ فیززلی و خۆ بەگەورە زانین .

١٢ ـ بەراوردكردنی ناخۆشیەكانت بە نیعمەتەكانی خوای پەروەردگار .

١٣ ـ بیركردنەوە لە بەڵا و موسیبەتی كەسانی تر بۆ ئەوەی بەڵا و موسیبەتەكانی خۆت لەلا ئاسان بێتەوە .

**١٤ ـ ڕوانین بۆ ئەو کەسانەی پلەیان لە خۆت نزمتربێت لە بواری مادی و ، دونیا و وە بۆ ئەوانەی لە خۆت بەرزترن لە بواری ئایین پابەند بوون پێیوەی.**

**١٥ ـ قایل بوون و ڕازی بوون بەوەی کە پێت بەخشراوە .**

**١٦ ـ خۆبەدورگرتن لە غەیبەت وباسکردنی کەسانی تر.**

**١٧ ـ چاوەڕوانکردنی پاداشتی خوا لە هەموو کردەوەیەکی بچوك و گەورەدا .**

**١٨ ـ باوەڕبون بە قەزا و قەدەری خوای پەروەردگار و مل کەچ کردن بۆ خوای بەتوانا لە هەموو کارەکانت .**

**١٩-پشت بەستن بەخودا لەهە موو کات وساتێکدا**

**٢٠- کە م کردنەوەی خواردنی زۆرو وتەی زۆرو**

**خەوی زیاد....**

**٢١- دورکەوتنەوە لەتوڕەبون وهۆکارەکانی**

**٢٢ -جێگرکردنی دڵ و دەرونت لەسەر ئەوەی رازی**

**کردنی خەڵک ئامانجێکە کەس پێی ناگات گوێ نەدان بەوشە روخێنەرەکان**

**٢٣-لەبیرکردنی ناخۆشیەکانی رابردووت**

**٢٤ -دورکەوتنەوە لەرق وحەسودی هە میشە ئەوەی بۆ**

**خۆت پێت خۆشە بۆکەسانی تریشت پێ خۆشبێت..**

**٢٥-لێبوردەیی، هۆکارێکی بەهێزە بۆدڵخۆشبوون**

**٢٦ خۆبەراوردنەکردن بەکەسانی دیکە قبوڵکردنی خۆت**

**کەبەوجۆرەی هە ی....**

٢٧- متمانە بەخۆبوون

٢٨-بیرخستنەوەی ئەوشتانەی کەخودا بۆباوڕدارانی داناوە لەبەهە شتا...

٢٩-پەناگرتن بەخودای گەورە ودروکەوتنەوە لەخەیاڵی بێ ماناو پڕوپوچ ...

٣٠- سوربون لەسەر ئەوەی دەتوانی خەونەکانت بەدی بهێنیت.....

٣١- باش گومان بردن بەخوداو بیرکردنەوەی ئیجابی گەرلەوپەڕی ناڕەحەتیش دابووی..

٣٢- وەرگرتنی رەخنەی بونیادنەر وئامۆژگاریەکان لەکەسەکانەوە بە سنگێکی فراوانەوە..

٣٣-دورکەوتنەوە خراپکاری وحەرام کراوەکان و ئەنجامدانی چەکاری ...

## ❀ کاتێک کەمنداڵ بووم....❀

**کاتێک کە مناڵ بووم ، وام دەزانی دەبێت بە زمانی عەرەبی لەگەڵ خودایا بدوێم!**

**کاتێک کە گەورەتر بووم تێگەیشتم ، دەکرێت بەرماڵی من جەنگەڵ و قیبلەکەشم دەریا بێت،وە تەنانەت دەتوانم بە زمانە سادەکەی خۆم ، لەگەڵ خودایا بدوێم،کاتێک کە گەورەتر بووم تێگەیشتم دەتوانم لە بەیانیەکی پڕ لە تەنیاییدا لەگەڵ خودایابدوێم لەودیو شوشەی پەنجەرەی ماڵەکەمانەوە دابنیشم بە زمانی دایکیم لەگەڵ ئەودا دەردە دڵ بکەم، کاتێک کە گەورەتر بووم درکم بەوە کرد کە خودا لە هەموو زمانەکانی دونیا تێدەگات، بە زمانی دەریا بێسنورەکان، بە زمانی باران، بە زمانی مەلی دەریایی، بەزمانی هە موو نەتەوەکان .هەر ئەوەندە بەسە دڵت بێ کینە وڕق بێ، هەر ئەوەندە بەسە خراپیەکانیان ببەخشی و کراسێک لە ڕەنگە جوانە کان و رەنگە پڕلەهیواکان بپۆشیت و**

**لەگەڵ خودایا بدوێی... بدوێی....**

**بە هەر زمانێک کە کەیفت پێی دێت بدوێی ،**

**خودا شا کلیلێک لەناو دەستیدایە**

**کە زمانی هەموو قفڵەکانی دونیا دەزانێت..**

**ئیتر بۆچی دڵتەنگی ..؟یەقینت هەبیت**

**معجێزەیە لە ڕێیە ئە و قەدەری تو داوای دەکەیت دوور نیە کە خودا بوتی نوسیبیت،تەنها چاوەریی**

**دووعایی تۆیە،تا پێت ببە خشیت ....**

## ❀ هە مووشەوێک پێش ئەوەی بخەوی بڵێ.....❀

**خودایە من تۆم زۆرخۆشدەوێت،با خۆشەویستت**

**بەس ئەو بێت،پێش هەموو کەس ئەوت خۆش بوێ،خۆشەویستی ئەو تاکە خۆشەویستیە**

**کە راست بێت،شەوان کە خەوت لێ ناکەوێت،**

**قسەی لەگەڵ بکەئەو بۆ ئەوە یەتە یەکەم تەبەقەی ئاسمان تا گوێت لێبگرێ،شەوان یەت چونکە ئەزانێت ئەوەی خەمێکی هەبێت ناتوانێ بخەوێ،یەت تا لەو کاتەی شەوا کە کەس ئاگای لێت نیە و خەم ئەخۆیت**

**و ئەگریت یەت گوێت بۆدەگرێت ،قسەی بۆ بکەن ئەو تاکە کەسە کە هەموو شتێک ئەزانێت بەڵام قەت بێتاقەت نابێت لە گوێگرتن لە قسەکانت،،ئەگەر هەزار جاریش بۆی باس کەیتەوە ئەو گوێت لێ ئەگرێت**

**وەک ئەوەی یەکەم جاربێت،کە خوایەکی ئەونە باش و بەرەحم هەیە منەتی کەس هەڵمەگرە،سەر بخە سەرزەوی و لە سوجدە قسەکانی دڵ بکە تا ئەو لە ئاسمانەوە وەڵام بداتەوە....**

## ❀ ژیان فێری کردم.................. ❀

**ئەگەر دونیا لە زەردەخەنە بێبەشی کردم**

**من بێبەشی ناکەم لە زەردەخەنەم، چونکە ڕووی کراوەخێروسەدەقەیەوە ،ئەگەر لە ووتەی باش بێ بەشی کردم من لە ووشەی خۆم بێ بەشی ناکەم چونکە ووتەی باش خێرە،ئەگەر کەسێک هەڵەی بەرامبەر کردم من بە هەڵە وەڵامی نادەمەوە،چونکەئەگەر وام کرد ناگەمە هیچ شتێ بەڵکو پێویستە هەڵەکە ڕاستبکەمەوە نەک بەهەڵەیەکی تر چارەسەری بکەم،فێر بووم لە هەوادا کۆشک بنیات نەنێم، هیوا درێژ نەبم و لە خەیاڵدا مەلە نەکەم ،بەڵکو بەو بەشەی خوای گەورە پێی بەخشیوم ڕازی بم، نیەتی ڕاست بۆ کاری خێر دەبێتە هۆی سەرکەوتن ودڵخۆش بوون**

**فێر بووم کە متمانەی تەواوم بە کەس نەبێت تەنانەت خودی خۆشم ئیلا بە خوای گەورە نەبێت، چونکە نەفس فەرمان بە خراپە دەکات ،فێر بووم تۆوی خێر و ئاشتی بچێنم بە پێی توانام، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بەرامبەر لە هەر کەسێ بکەم کە ببێتە توێشوو**

**بۆ ڕۆژی دواییم،فێر بووم کە لە دونیادا چاوەڕێی هیچ بەرامبەرێک بۆ هەر کارێکی خێر کە پێشکەشی دەکەم نەکەم چونکە لە کۆتاییدا بێجگە لە خاک هیچ شتێکم ناداتێ،فێر بوم مانەوە لە کۆتاییدا بۆ خێر و چاکەیە**

**نەک بۆ بە هێز، هەرچەند گەردەلولەکە بە هێز بێت ،**

**وە هەر چەند دونیا هەور بێت، هەمیشە لەدوای هەورەکان ڕووناکی هەیە مژدە بە ڕۆژێک دەدات جیاواز ترە لەوەی پێشوی، هەرچەند کێشەکان زۆر**

**بن و خەمەکان توندبن،تەنها چارەسەر گەڕانەوەیە**

**بۆ لای خوای گەورە،دروست کاری هەموو گەردوون....**

## ❀ بۆئەوەی دڵخۆشبی لەژیان ئەم ئامۆژگاریانەت بیربێ ❀

**١- واز لە داهاتوو بهێنە هەتا دێت،گرنگی بە بەیانی مەدە چونکە ئەگەر ئەمڕۆت چاك بکەی بەیانیشت چاك دەبێت.**

**٢- ئەوەی ڕابورد تێپەڕی،وە ئەوەی ڕۆشت مرد،بیر لەوەی ڕابردووە مەکەرەوە چونکە ڕۆشتوە و تەواو بووە.**

**٣- پێویستە لەسە رت وەرزش بکەی بەتایبەتی ڕۆشتن،دوور کەوتنەوە لە سستی و تەمەڵی و وازهێنان لە دەست بەتاڵی و فەراغ.**

**٤- ژیانت نوێبکەرەوە،وە جۆر و شێوازی ژیانت،ئەو ڕۆتینەی کە تیایدا دەژیت بیگۆڕە.**

**٥- هە میشە بیرکردنەوەکانت با ئەرێنی بن**

**گەر کەوتیە ئەوپەڕی ناڕەحەتیشەوە چونکە خودا خۆی**

**دەفەرموئت:من لەگەڵ گومانی بەندەکەمدام**

**٦- زۆر داوای لێخۆش بوون بکە،چونکە رزق و زانستی بەسوود و منداڵ و دڵخۆشی دەرونی لەدوایە.**

**٧- بەڵا نێوان تۆ و خوای گەورە نزیك دەکاتەوە و فێری دوعاو پاڕانەوەت دەکات،خۆ بەزل زانین و شانازی کردن بەخۆت لا دەبات بۆیە ئارام بگرە بەرامبەر کێشەکانت .**

**٨- لەگەڵ ئەوانەی ڕق و قینە و حەسودییان هەیە دامەنیشە،ئەبنە هۆی دڵتەنگی و غەم خواردن.**

**٩- ئاگاداربە لە کەوتنە ناو تاوان و سەرپێچی یەوە سەرچاوەی خەم و خەفەتە و دەبێتە هۆی تووش بوونت بەناخۆشی و موصیبەت.**

**١٠- کاریگەر مەبە بە قسە و ووتەی ناشرین کە بەرامبەرت دەوترێ چونکە ئەوە ئازاری خۆی دەدات نەك تۆ.**

**١١- جنێو دانی دوژمنەکانت و قسەکردنی حەسودەکان دەلالەت لە نرخی تۆ ئەکات چونکە تۆ کەسێکیت بوونت هەیە.**

**١٢- بزانە ئەوەی غەیبەتت دەکات هەموو چاکەکانی خۆی دەکاتە دیاری بۆت، وە گوناهەکانت دەسڕێتەوە وە وات لێدەکات ناوبانگت هەبێت ئەوەش نیعمەتێکە.**

**١٣- ڕووت خۆش بێت بەرامبەر خەڵك دۆستایەتیان بەدەست دەهێنیت،وە نەرم و نیان بە لەگەڵیان خۆشەویستیان بەدەست دێنیت،خۆت بە گەورە مەزانە و فیزت نەبێت.**

**١٤- تەمەنت بە فیڕۆ مەدە بە خۆبەراورد کردن بکەسانی تر نرخ وبەهای خۆت بزانە بەوجۆرەی کەهە ی خوت قبوڵ بکەو خۆتت خۆشبوێت**

**١٥- دڵئکی باشت هەبێ و لێبووردە بە بۆ ئەوەی لە دڵخۆشی و هێمنی دا بژیت،هەرگیز بیر لە تۆڵە سەندن مەکەرەوە.**

**١٦- دوژمنەکانت بە تووڕە بوون و دڵتەنگیت دڵخۆش مەکە،چونکە ئەوان ئەوەیان دەوێت،تۆش هیواکەیان مەهێنەرەدی لە تەڵخ کردنی ژیانت.**

**١٧- لە عەشق و خۆشەویستی حەرام و غەرامیات دووربە ئەوە ئازارە بۆ گیان وە نەخۆشی یە بۆ دڵ ،پەنا بۆ خواو یادکردنی و تاعەت کردنی ببە.**

**١٨- ئەگەر کەوتیتە ناو ناخۆشی و ناڕەحەتیەوە بیربکەرەوە چەندین ناخۆشی ترت بەسەردا تێپەڕ بووە و خوای گەورە دەروازەی دەربازبوونی بۆ کردویتەوە،ئەو کاتە دەزانیت ئەوەی لەسەرەتادا تۆی پاراست لە کۆتایش دا دەتپارێزێت...**

## ❀ بۆ ساتێک بیر بکەوە ئینجا ودڵخۆشبە........... ❀

لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکت زۆر خۆشویستبێت و نزات کردبێت خودایە لێمی مەستێنە ، !

بەڵام کە لێی سەندووی ئینجا زانیوتە بێ ئەو کەسە ژیان ئارامترە ،لەوانەیە ڕۆژێکی زۆر خراپت بەسەر بردبێت و نزات کردبێت خوایە بێزار ببوم لە ژیان با بمرم،!بەڵام ئێستا زۆر باش بیت و ژیانێکی خۆشت هەبێت، لەوانەیە نزات کردبێت خودا سەرکەوتوت بکات لە شتێک، بەڵام دواتر بۆت دەرکەوتوە کە خێر لە سەرنەکەوتنتا بووە،

بۆیە کاتێک نزاکانت گیرا نەبوو دڵگران مەبە، زۆر باش بزانە هەم کاتی تۆ جیاوازە لە هی خودا هەم خودا زانایەو ئەمڕۆو سبەینێ و داهاتووشت ئەزانێت، هەم تۆ خودا دروستی کردوویت هە میش و ئەو زۆر میهرەبانە و دڵی هیچ بەندەیەکی ناشکێنێت، تەنانەت ئەوانەی خوداش ناناسن، کەوایە دڵگران بوون لەوەی داهاتووت چۆن ئەبێت متمانە نەبوونە بە خودا، من ناڵێم هەوڵ مەیە ،ئەڵێم دوای هەووڵدان کوفرە خەمباری داهاتووت بیت...

## ❀ ئەتوانیت دڵخۆشبیت گەربتەوێ....❀

د. محمود ئەنوشە وتەیەکی جوانی هە یە

دەڵێ: لەگەڵ نابینایەك دەکرێت گوێ

لە گۆرانیەك بگریت ،لەگەڵ کەڕ و لاڵێك دەکرێت یاری شەترەنج بکەیت ،لەگەل کەسێك کە مێشکی پوکاوەتەوە

دەکرێ سەما بکەیت ،لەگەڵ کەسێکیخاوەن پێداویستی تایبەت کە لەسەر عارەبانە یە

دەکرێت پیاسە بکەیت ،بەڵام لەگەل کەسێکی بێ هەست ، ناکرێ نە قسە بکەیت ، نە یاری بکەیت ،

نە پیاسە بکەیت ،نە بە کامەرانی بژیت !

گرنگ نیە قاچت شۆردوە یان نا !

تەنانەت گرنگ نیە ژێر پێت شەقی بردوە یان نا!

بەڵام گرنگە کە بە ژیانی کەسێکدا گوزەر دەکەیت ، شوێن پێیەکی جوان لە دوای خۆت بەجێ بهێڵیت ..

هەمیشە دەکرێ کۆتایی پێ بهێنرێت ، بەڵام هەندێ کات دووبارە دەتوانیت دەستپێبکەیتەوە ،هە وڵبدە بەهێزبە دڵخۆشبە هە رچەند رێگاکەت دژواروسەخت بوو ،تۆهە رگوڵی هیواو بخولقێنە دڵخۆشبە وکەسانی تر دڵخۆشبکە......

## ❀ بڕیاربدەو دڵخۆش بژی ........❀

**هەستە لەو خەوە گرینگی بە خۆت بدە**

**گرینگی بە ژیانت بە خێزانەکەت گرینگی بە**

**دینەکەت بە بەراست بێزار نەبوی لە**

**خەو لە گریان لە خەم خواردن لە بێزاری..؟!**

**لە بێتاقتی لە گۆشەگیری لە شتانێکیبێ مانا،**

**کە هیچ سودێکی نیە بۆتۆوبۆ ژیانی تۆ گوناح نیە خەم ئەخۆیت ،لە کاتێکاخوایەکت هەیە ،هەرچی تۆ پێی ئەڵێی مەحاڵ لای ئەو زۆر ئاسانە ،چیت ئەوێ**

**تەنها داوا لەخوای خۆت بکەو خەمی**

**هیچت نەبێ خۆشەویستی و ئەشقوهۆگر بونت تەنها با بۆ خوای گەورەبێت، چیتر خۆت مەخەرە ناو ئاگر**

**ژیان هەر بەردەوامەلەگەڵت بن ،یان لەگەڵت نەبن هەموشتێک لە کاتی خۆی ،بۆت دەبێت ئارام بگرە سادەبە پێبکەنە،دڵخۆشبە میهرەبانبە ژیان بکە**

**رق لە ژیانی خۆتا بسرەوەئەوکات**

**زۆۆۆر جوانتر ئەبیت و شادمانتر دە بیت........**

## ❀ ژیان کۆتای وسەرەتای هه یه...❀

**هەموو شتێ کۆتایی هەیه...**

**کۆتایی هەر شتێکیش سەرەتای شتێکه ..**

**زیرەک بە بە هیواو بەردەوام بون بیدۆزەوه ..**

**واز لە خەم و کەسە رەشبینەکان بێنه کەهیچ سودیان پێت نەگەیاند..؟!**

**گەر بتەوێ دەتوانی،دەتوانی سەرەتا و کۆتایەکانیش دڵخۆشت بکات،دەتوانی یادگاریه تاڵەکانت بسڕیەوه،یادگاریه خۆشەکان بپارێزه**

**فکرو بیرکردنەوه نێگەتیفەکان کۆنترۆڵت نەکات**

**چونکه بەیانیەک دێ ناخۆشیەکان کۆتایان دێ تەنها بڵێ پەروەردگارا ڕازیم بەوەی پێت داوم، سپاست دەکەم بۆئەوشتانەی بۆت کردوم دەیکەیت خەمەکانت بۆدورفڕێیه کاتی ئەوەیه کۆتای بەناخۆشیەکانت بێنێ وسەرەتای جوانی وخۆشیەکانت ببینی تەنها بە پۆزەتیفانه بیربکەوه ،متمانەو بەخواهەبێ**

**گومانی باش لای خودا ون نابێت وەک چۆن خواگیان**

**دەفەرموێت من لەئاست گومانی بەندەکەمدام جوان گومان ببه جوان ببینه ....**

## ❀ ئە م دونیایە ئاوایە ئیتر..........❀

پڕە لەخەڵکی ڕەخنەگروتێک شکێنەر

هیچ کەس قەرزاری تۆنیەتاهانت بدات

و دەستت بگرێت تۆدەبێت خۆت هانی خۆت

بدەیت و خۆت دەستی خۆت بگریت

خۆت هە ستیتەوە دوای شکست

خۆت خۆت دڵخۆشکەیتەوە ،دوای خەمباربوون

لەکێشەکانت ماندوومەبە،لەناخۆشیەکانت بێزارمەبە

لەکاتە سەختەکانت بێ ئومێد مەبە ، چونکەهە ر خۆشی وناخۆشی و سەختیەکی ژیان بەرەو پێش چونێکی نوێیە بۆت ،میهرەبانی خودازۆر لەوەگەورەترە کە مرۆڤەکان بەنەهاتنەدی ،ئارەزویەکی بچوکیان نائومێد بن وەسوپاسی خودابکە بۆ تەواوی ئەوڕۆژە سەختانەی کە هە ستت ئەکرد تێناپەڕێ وتێپەڕین.....

## ❀ تۆشایەنی ئەوەیت کە دڵخۆشبیت.....❀

**تۆ شایەنی ئەوەیت کە خۆتت خۆش بوێت.**

**شایەنی ئەوەیت کە بزانیت کە تواناکانت چیە و دەتوانیت کە چی نیشانی دونیا بدەیت**

**بێ ئەوەی خۆت بەراورد بکەیت بە خەڵکی.**

**شایەنی ئەوەیت، کە باوەڕت بەوە هەبێ کە تۆش چەند تایبەتمەندیەکی خۆتت هەیە، کە دەتدرەوشێنێتەوە بەبێ پشتبەستن بەوەی کە لەگەڵ کێیت و لەگەڵ کێ قسە دەکەیت،شایەنی ئەوەیت کە ببیت بە باشترین هاوڕێی خۆت نەک ببیت بە خراپترین دوژمن.**

**شایەنی ئەوەیت کە خۆتبەهای خۆت بزانیت و دوورکەویتەوە لەوانەی کە ئەم بەهایەی تۆ نابینن.**

**تەنانەت گەر کەس ئەمەی پێ نەگوتبێتیت و**

**فێری نەکردبیت کە گرینگیت، بەڵام تۆ ش شایەنی ئەوەیت کە باوەڕت بەوە هەبێت کە تۆ**

**کەسێکی گرینگیت......**

**لەکتێبی بەبەر بارانەوە**

## ❀ کەمێك بەهێزتر بە..........❀

**هەموو نەهامەتیەکانی ژیان کاتین.**

**تەنانەت بە لەدەستدانی ئازیزترین کەسیشت،**

**چۆك دامەدە ،کەس لە شکستە کاندا دەستت ناگرێت**

**ئەوەی دەتوانێت بەرگەی نەهامەتیەکانت بگرێت ، ناختە، نەوەك جەستەت،ئەوەی ڕووبەڕووی هێرش و پەلامارە مادی و مەعنەوییەکان دەبێتەوە،**

**خۆتی نەوەك ئەوانی تر ......**

**خاڵی بەهێز :ئەوەیە**

**باشترینە ئەگەر هەمیشە خۆمان و خودامان خۆشبوێت و متمانەی تەواومان پێیان هەبێت.**

**بێ شك جگە لە خودا، هیچ شتێک و هیچ کەسێک هێزی ئەوەی نییە خۆمانی بۆي بچەمێنە وە**

**دواتر با وەکو هاوڕێیەکی ئازیز هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆمان بکەین و بە دەروونێکی ئاسوودەوە قسەی دڵمانی بۆ بکەین و ئەوەی لە ناخماندایە بۆی هەڵڕێژین.**

**بادڵخۆشبین با واز لەخەم بێنین پێیکەنە وەک مەولانا دەڵێ نرخی زێر چیە گەر نەدرەوشێتەوە..**

## ❀ ئەوپیاوەی بەدوای دڵخۆشی دەگەڕا...❀

پیاوێکی زۆردەوڵەمەند بەئۆتۆمبێلە زۆرگران بەهاکەی لەنزیک پردێک وەستاوکڵاوێکی کردە سەری ،لەسەر کڵاوەکەی نوسی من بە دوای خۆشبەختی دەگەڕێم

یارمەتیم بەن...!!؟خەڵکی پەیتا پەیتا بەبەردەمیدا

تێدەپەڕین سەریان دەسوڕما پیاوێک خاوەنی ئەوکۆتۆمبێلە گرانبەهاو جلەکەشخەیەی بۆ کەسیمای دەوڵەمەندی لێ ئەبارێ دڵخۆش نەبێ...!!؟

لەبەرخۆیانەوە دەیان وت وادیارە شێت بووە.!

بەڵام کەس ئامادە نەبوو یارمەتی با بۆیە بڕیاریدا

لەسەرپردەکەوە خۆی فڕێبداتە خوارەوە، بەڵام لەوکاتەدا پیاوێکی پیری پشت چەماوە لە پیاوە

دەوڵەمەندەکە نزیک بویەو وپێی وت بیگەیەنێتە نەخۆشخانە چونکە هە ناسەی توند دەبێ

کاتێک دەوڵەمەندەکە دۆخی ئەم پیاوە پیرەی بینی

خێرا پیاوەکەی گەیاندە خەستەخانە، پاش ئەوەی ئەم

پیاوە پیرە ماوەیەک بێهۆش بوو دواتر هۆشی

هاتەوەو زۆرسوپاسی پیاوە دەوڵەمەندەکەی کرد

پێزانینی دەربڕی بەرامبەری پیاوە دەوڵەمەندەکەش ویستی بڕوا دوای دڵنیا بوونەوە لەسەلامەتی، پیرە پیاوەکە پێش ئەوەی بڕوات پیرە پیاوەکە تەرکیزی چووە سەر نوسینی سەرکڵاوەکەی و پێی گوت کوڕی خۆم بەدوای خۆشبەختی دەگەڕێی .. !؟

وتی بەڵێ وتی هاوکاری کردن و یارمەتی دانی مرۆڤەکان ئەوپەڕی خۆشبەختیە، بۆیە هە میشە

هە وڵی ویارمەتیدانی مرۆڤەکان بە گەربەشتێکی کەمیش بێ ئەبێتە ئەوپەڕی رزگاربون ودڵخۆشبونت...

## ❀ باوەڕو دڵخۆشی.......................❀

**لێکۆڵینەوە نوێیەکان ، ڕادەی پێویستی بەختەوەری ودڵخۆشیان سەلماندووەبە متمانە بەخۆبوونەوە،**

**لەپەیوەندی مرۆڤیش، بە پە روەردگاریەوە سەرچاوەیەکی گەورەی هە یە بۆدڵخۆش بوون ومتمانە بەخۆبوون ،کەواتە تۆش کاربکە بۆدروست کردنی ئەم پەیوەندیە وبەهێز کردنی، لەوەش تێبگەن**

**کە ڕۆژەکانی ژیان هەمووی وەک یەک نییە .**

**کێ ئەڵێ سبەی تایبەت نابێت بۆت،...؟**

**کێ ئەڵێ سبەی ئەو ڕۆژە نییە کە ساڵانێکە دووعای بۆ دەکەیت...؟ کێ ئەڵێ سبەی هەواڵی گەڕانەوەی ئازیزێکت ناگات ..؟**

**یان خودا ئەو شتەت بۆ بکات بە دیاری کە پێت وایە هۆکاری دڵخۆش بوونتە...؟!!!**

**بخەون چونکە ئەکرێ سبەی ڕۆژێکی تەواو**

**جیاواز بێت چونکە خودا بوونی هەیە**

**کەواتە لە بوونی هەر شتێک وشەی مەحاڵ بوونی نییەبە بوونی خودا ،متمانەتان بەخودا هە بێت...**

## ❀ ژیان هه میشه بریتی نیه لەوشتانەی لەخەوندا دەیبینی......❀

ژیان بریتی نیه له بەدەستهێنانی ئەو شتانەی که کەس نەیتوانیوه بەدەستیان بهێنێت، بریتی نیه له گەیشتن بەو شوێنەی که هیچ کەس پێشتر پێی نەگەیشتووه، بریتی نیه له بوون به بەهێزترین مرۆڤی سەر زەوی ,بەڵکو هەندێکجار ژیان زۆر سادەتره لەمانه,ژیان هەمیشه بریتی نیه له بەدەستهێنان، کێشەکەی ئێمه ئەوەیه که هەر لەسەرەتای بوونمانەوه به هەڵه فێریان کردووین،هەر له یەکەم وانەی ژیانەوه به هەڵه هێناومانه ،ژیان بریتی نیه له بەدەستهێنان، بریتی نیه له وەرگرتن، بەڵکو ژیان بریتیه بەخشین، بریتیه له بەخشینی ئەو شتەی که هەته نەک بەدەستهێنانی شتی تر ،ئێمه لەناخاماندا پێویستیمان به وەرگرتن نیه، چونکه هەر له بنەڕەتدا ئەو شتەی که پێویستمانه له ناخماندا بوونی هەیه، ئەوەی که لەسەر ئێمەیه وەرگرتن نیه، بەڵکو بەخشینی ئەو شتەیه که له ناخماندا چێنراوه.

هەندێکجار ژیان زۆر به سادەیی بریتیه له بەخشینی زەردەخەنەیەک، هەندێکجار زۆر به سادەیی ژیان بریتیه لەو دەستدانانەی تۆ لەسەر برینی هاوڕێکەت، هەندێکجار ژیان هەر ئەوەندەیه و هیچی تر!

له کتێبی (تۆ زۆر ناوازەیت)

## ❀ ئەم ڕاسپاردانە لەبیرمەکە بۆدڵخۆشبوونت...❀

1. بڕوابکە کاتێک ئەوانی تر بەگومانن..

2. کاربکە کاتێک ئەوانی تر خەون دەبینن.

3. گوێبگرە کاتێک ئەوانی تر قسە دەکەن.

4. بەشان وباڵیان هە ڵبدە کاتێک ئەوانی تر ڕەخنەدەگرن

5. پێبکەنە کاتێک ئەوانی تردەناڵێنن وگلەی دەکەن..

6 . دروستبکە کاتێک ئەوانی تر دەتڕوخێنن .

7. لەبیربکە کاتێک ئەوانی تر پێداگری دەکەن.

8. لێبوردەبە کاتێک ئەوانی تر تۆمەت دەبەخشنەوە

9. خۆشەویستی دەربڕە کاتێک ئەوانی تر ڕقیان دەبێتەوە...

10. لەبیری نەکەیت کەپێویستت بەگیانێکی گاڵتەجارانەو کەمۆڵکەیەکی گەورەی ئارامگریشە...

لە ( ابراهیم فەقێ )وە

## ❀ ئەتەوێ دلخۆش بیت..؟❀

- ڕۆژێک قسە مەکە...

بزانە چەند ناخۆشە لاڵ بیت..!

بزانە توانای قسەکردن چ خۆشییەکە..

- ڕۆژێک چاوت مەکەرەوە..

بزانە چ ئازارێکی هەیە کوێریی..!

بزانە چاوی ساغ چ نیعمەتێکە ...

- ڕۆژێک قاچەکانت بەکار مەهێنە..!

بزانە چەند بە ئازارە بێ قاچی..

بزانە کە ئەتوانیت بەپێی خۆت بڕۆیت ..

چ پاشایەکیت...!!

- ڕۆژێک بێ هاوڕێ کەت بەڕێ بکە..

بزانە چۆن هەستێکە تەنهایی..!!

بزانە هاوڕێی باش چ بەختەوەرییەکە

- ڕۆژێک بێ براکەت..بێ خوشکەکەت..

بەڕێ بکە..بزانە چ خەفەتێکە بێ خوشک و برایی...!!!

بزانە تەنانەت شەڕەکانیشیان چ خۆشییەکە

**وە ڕۆژێک لەناو خێمەیەک بخەوە...**

**بزانە بێ ماڵی چەن ناخۆشە..!!**

**بزانە سەقفێک و دوو هەیوان چ کۆشکێکە**

**- ڕۆژێک بە ڕق" بەڕێ بکە..**

**بزانە چ نەفامییەکە..!!**

**بزانە خۆشەویستی چ بەهەشتێکە..**

**- ڕۆژێک بڕۆ بۆ "نەخۆشخانەی هیوا"**

**هیچ مەکە .. تەنیا سەیری ئەو مناڵانە بکە کە ترسی مردن، چۆن پیری کردوون..!**

**بزانە لەش ساغی چ نیعمەتێکە..!!**

**چ بەختەوەریەکە..!!**

**ئەمانە بکە...**

**بزانە "نا بەختەوەربوون" چییە...!!**

**ئەوسا "بزانە کە چەن بەختەوەریت...!!**

**دەی مەگەر بەختەوەری هەر ئەم شتانە نییە؟!**

**وەرگیراوە"**

## ❀ خەفەت مەخۆ............❀

**إبین قەیم دەفەرموێ: هیچ شتێک بەقەد خەفەتی ئیماندار شەیتان دڵخۆش ناکات.**

**بۆیە هەمیشە دڵخۆش بەو موژدە بەخش بە، گومانی باش بەخوا ببە، متمانەت هەبێت بەوەی لەلایەن خواوە بۆت دێ، خەفەت مەخۆ بۆ ئەوەی لەدەستت داوە، چاوەڕێی باشتر بە لەخوا، هەرگیز لەدوعاکردن بێ ئومێد نەبیت. ژیان جوانە، گەربەجوانی ببینی**

**خەمەکانیش کۆتای دێن وەچۆن مەولانای دڵان دەفەرموێت: گەر لە خاوەن بولبولێک بپرسیت بۆچی**

**تەنها بولبول لە قەفەس دەکەی دواتر ئازادی دەکەی ..؟؟**

**لە وەڵامدا دەڵێ بۆ ئەوەی بخوێنێت و**

**گوێم لە دەنگە خۆشەکەی بێت...**

**مەولاناش دەڵێ، هەر ئاوا هەندێک جار**

**خودا موسڵمانێک توشی قەفەسی**

**ناخۆشی دەکات و دەیەوێت**

**بە نزاو دوعاکانی بەردەوەم گوێی لە دەنگی**

**بێت ، ({لا تحْزن إن اللهمعنا})**

**"دڵ تەنگ مەبن خودا لەگەڵمانە، وە دڵنیابە**

**ڕۆژێک دێت خودا ئەودەرگایەت بۆدەکاتەوە ، کەلای تۆ تەنها خەون بووە تەنها ئومێدتان هە بێ و خەفەتەکان وەلاوەنێن......**

## ❀ دەست لەمۆزەکە هە ڵبگرەو ڕابکە....❀

لەئەفریقا قەفەزێک هە یە،بەقەفەسی بابۆناسراوە.

ڕاوچیەکان کاتێک کە دەیانەوێت بەچکە مەیموونەکان ڕاوبکەن،قەفەزی (بابۆ)دەهێنن ، ومۆزێکی تێدەکەن

ئیدی مەیموونەکە بەپێی خۆی دەچێتە ناوقەفەزەکەوە وهە رلەگەڵ چوونە ناویەوە دەستی دایە مۆزەکەو دەرگای قەفەزەکە یەکسەر دادەخرێت بەڵام مەیموونەکە ئاگای لەمەنیە ،هە ربۆیە مۆزەکەی بەدەستەوەدەبێت،تائەوکاتەی قەفەزەکە بەتەواوی دادەخرێت و لەوە بەدواوە دەبێتە بەندو گیرۆدەی ناو قەفەزەکە ,چونکە ئەوخۆی ئەوەی هە ڵبژارد کەدەست بداتە مۆزەکەو دەستیش لەئازادی وخۆشی خۆی

هە ڵبگرێت,گەرئەم مەیموونە لەسەرەتاوە بیوستایە

لەقەفەزەکە دەرچێتە دەرەوە،تەنها ئەوەندەی لەسەربوو دەست لەسەرمۆزەکە هە ڵبگرێ و

هە ڵبێت ،بەڵام ئەونەک هە رمۆزەکەی بەدەستەوەبوو ,بەڵکو نیازیشي نیە دەستی لێ هە ڵبگرێت،بۆیە ڕێگای دەرچونی نیە ئەفسوس ئێمەی مرۆڤیش زۆرجار دەست دەدەینە شتانێک وشتێکی دیارکراو دەمانخاتە قەفەزی ناخۆشیەوە لەبیرمان دەچێت ،هە رئەومۆزە هۆکاری داخستنی دڵخۆشیەکانمانە، کەواتە یەکێک لەشتە

هە رە گرنگ وبایەخەکان ئەوەیە دەست لەشتانێکی دیاری کراو هە ڵبگریت تانەکەوینە قەفەزی خەم ودڵتەنگیە بۆئەوەی نەکەویتە قەفەزی ناخۆشیەکانەوە دەبێت بیربکەیتەوە کەشتانێکی دیاری کراوکۆنترۆڵت نەکات بۆئەوەی نەکەویتە ناو خەم ودڵتەنگیەوە بیربکەوە کاتی ئەوەیە دەست لەمۆزەکە هە ڵبگریت و هە ڵبێی لەناخۆشیەکانت متمانەت بەخۆت هە بێ تۆزۆرلەوەگەورەتری خەمێکی بچوک،کۆنترۆڵت بکا

وئەو نیعمەتانە نەبینی کەخودا پێی داویت

بۆئەوەی لەقەفەزی ناخۆشیەکان دەرچیت ڕوبکە خودا

شتە جوانەکان ئەوپێت دەبەخشێت کاتی ئەوە هاتووە دەست لەخەمەکانت هە ڵگری وجوانیەکان ببینی تانەکەویە ناوقەفەزی دڵتەنگی هە میشەییەوە ......

## ❀ نۆ خاڵی بەهێز بۆ پاراستنی کەسایەتی ودڵخۆشبونت..❀

**١: هەرگیز نەڵێی من دۆڕاوم،من سەرکەوتوو نیم چونکە ئەگەر قەناعەتت هێنا بەوە و کردت بە واهیمە،پەنا بەخوا ئیرادەت ئیفلیج ئەبێت.**

**٢: خۆت سەرقاڵکە بە بیرۆکەی بەسوود ،ئەگەر وا نەکەیت بیرۆکەی خراپ هێرش دەبەنە سەر ناخت و تێکی ئەدەن.**

**٣: شەیتان وازت لێ ناهێنێت و هەوڵی شکستهێنانت ئەدا،دژی بوەستە بە ئیمان و پشتبەستن بە خودا**

**٤: ئەگەر شکستت هێنا لە بوارێکدا بۆ کەسی باس مەکە تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە مامۆستاتن.**

**٥: ڕۆژ و ساتە ناخۆشەکانی ژیانت لەبیر خۆتی بەرەوە چونکە نایەڵن پێشکەویت.**

**٦: هەمیشە خۆت بڕیاردەری بڕیارەکانت بە.**

**٧: کاتت ڕێکبخە تا بەشی بیناکردنی شەخسییەتت و پتەوکردنی پسپۆرییەکانت و زانست بکا. پەیوەندییەکانی کەسوکار و خزم و دۆستان بەشێکە لە بونیاتنانی شەخسییەتتە.**

**٨:هەمیشە ئامانجەکانت لە بیر بێت و با خەڵک بزانێت کە تۆ خاوەن پەیامیت.**

**٩: مەشڵەژێ کە دوچاری نارەحەتی دەبی،تۆ یەکەم کەس نیت و کەسیش بێ کێشە نییە لەم دونیایەدا.**

## ❀ مەترسە وبگەڕێوە نێو ناخی خۆت...❀

لە دونیای مرۆڤ داهەموو شتیک لە بیرکردنەوە وە دەست پی دەکات بیرکردنەوە هۆکاری سەرەکی گۆڕانی دەسکەوتەکانی مرۆڤە،ئاسودەیی و ئارامی

لە ناو ناخی هەمووماندایە ،کەچی بەردەوام لە دەرەوەی ناخی خۆمان بۆی دەگەڕێن ...!!

لەترسی دەسنەکەوتنی بەردەوام داوای هاوکاری لە لە دەرەوەی ناخی خۆمان دەکەین ،چونکە دەمانەوێت دواجار هۆکاری دەسنەکەوتن وشکستەکان بدەینە پاڵ کەسانی تر وڕوداو بارودۆخ وشتەکانی تر ، بگەرێوە نێو ناخی خۆت،دڵ و هزری تۆ ڕوناک دەکاتەوە تا بزانیت کێیت و لەکوێ دەژیت بۆ کوێ دەچیت .

ژیانت دەگۆری و جوانترت دەکات ئەندێشەکانت دەگۆرێ باوەرەکانت سەرلەنوێ دروست دەکات

رۆح و دەرونت دەگەشێنیتەوە ،دەتبات بەرەو ئەوپەری ئارامی و خۆشی ،سەرلەنوێ ئایندوی تۆ بونیاد دەنیتەوە ،روخساریکی سەرنجراکیش و خۆشەویستت پێدەبەخشێ بیرتان نەچێ ،کە خۆتان بەدیهینەری چارەنوسی خۆتانن ، باش بیر بکەینەوە و بە جوانی دنیا ببینین ،قسەکردنمان جوان و هیوا بەخش بیت

ببینە خاوەن روخسارێکی کراوە و بە زەردەخەنە باوەربەخۆبونمان بگاتە لوتکە ،بگەین بە ئامانجەکانمان

بەلام گەیشتن بە هەموو ئەم دەستکەوتانە مەرجیکی هەیە ئەویش کارکردنە دەبیت هەموو بنەماکانی تەکنەلۆژیای بیر بە جۆریکی بەردەوام و شەو رۆژ جی بەجی بکەیت تا بینەری سەرکەوتن بیت و بەختەوەری هەمیشەیی لە ئامێز بگرن ،گەر بۆ وەها سەفەریکی جوان و گەیشتن بە لوتکە

(هەمیشە بە ئێمەیان وتووە من تا نەبینم بروا ناکام )

بەلام ئیوە بروا بکەن تا ببینن ...

## ❀ خۆتان وون مەکەن........❀

گەر باش و سەلامەتی شوکرانە بژێربە.

گەر خەمبار و بیماری دەسەڵاتی خودا لەبیر مەکە.

گەر ڕۆژێک حەرامێکت لێوە نزیک بوو کە ئەتوانی چێژی لێ ببەی و بێ ئەوەی هیچ مرۆڤێک بینەرو بێ

چاودێری خودا لەبیر مەکە،تا خودا حەڵاڵێکی وات لێ دوور نەخاتەوە تا کۆتای تەمەنت تەمەنای گەڕانەوەی بیت،دڵێکی بێ کینە هەڵبژێرە خۆت مانووی ڕقی ئەوانی تر مەکە،خۆشەویستی ببەخشە بەوانەی خۆشت ئەوێن‌دوای ماڵئاواییان لە ژیان هیچ شتێک سوودی نیە

نە وشە پڕ هەست و موحیبەتەکانت نە چەپکە گوڵە بۆن خۆشەکانت بۆ سەر گۆڕییان‌گەر وشەی شرین و دڵێکی میهرەبان دروست بکەی هەموو ڕۆژێک چاکەیەکت کردووە تەرازووی قیامەتت پێ سەنگین کردووە،بەڵێ ژیان سادەیە و ناگۆڕێ...

بیرکردنەوەو هەستی مرۆڤەکانە گۆڕاوە

هەمووان شوێنی بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون

فێربووین شەرم لە دەربڕین و دەرخستنی بەندایەتیمان بۆ خودا و چاکەکاری و میهرەبانی و هاوکاری و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکان و بەزەیی بۆ گیانداران و چارەسەری دەردی سەری یەکدی ،دەکەین

فێربووین بێ منەتیمان بە شانازی بزانین!

مامەڵەی خراپ و ڕەقانە بە بەهێز بوونمان بزانین!

ئیتر تەواو فێری هەڵە بیرکردنەوە بووین..!!

**وه هەموو شتێكمان تێكەڵ كردووه**

**جوانی ئەبێ لەسەتا سەد مانای جوانی ڕوخساربێ.!؟**

**بەندایەتی خودا دوا كەوتویە!؟**

**باشی مرۆڤەكان لە دوو ڕویی و دەوڵەمەندی و درۆ و خیانەت و ، دایە!؟**

**فێربووین چێژ لەوه وەرناگرین هەمانە بەڵكو وێڵی ئەوانەین نیمانە وەلێ كە بەدەستمان**

**هێنا ئیدی یەكێكی دیمان پێ گرنگە!؟**

**فێربووین لە دونیای خەیاڵ بژین و گرنگی بە ڕاستیەكانی ژیانمان نەدەین!؟**

**ئەزانن ئیدی هیچ شتێک دڵخۆشمان ناكات چوون بە كەم ڕازی نین چێژ لە هیچ شتێک نابینین!؟**

**وەرن با بێینەوه لای ژیانە خۆشەكانمان قەدری تەواوی شتەكانی خودا پێی بەخشیوین بزانین**

**ئەوەی هەمانە چێژی لێ ببینین بە خۆشی و ناخۆشیەكانەوه..**

**با بۆخۆمان بژین ئەوه بین خودا لێمان ڕازییە و دڵمان ئاسودە دەبێ پێی**

**با فێربین خاوەن بڕیاری ژیانی خۆمان خۆمان بین نەبادا چاوەڕوانی ئاراستەكردنی خەڵكی بین بۆمان..**

**ئەم نوسینە هی هاورێم..( Asma hamza) یە**

## ❀ دڵۆپه هه نگوینێکی بکوژ هه ڵمه‌بژێره........❀

چیرۆکێکی ئەفسانەیەی هه یه دەڵێ :

دڵۆپێکی هه نگوین کەوتە سەرزەوی و مێرولەیەکی بچوک هات تامی کردو دواترویستی بڕوات ،بەڵام تامی ئەوهه نگوینە لەدەمی دا ،زۆرشیرین وبەتام بوو بۆیە گەڕایەوەو،دڵۆپێ تری لێ برد ویستی دوبارە بڕوات بەڵام ئەمجارەش تامی ئەوهه نگوینە هێندە شرین بولای،بۆی دەرکەوت ئەودڵۆپە ی کەلەلێوارەکەیدا دەیبرد، بۆی بەس نیە ،وبۆیە بڕیاریدا بچێتە ناو دڵۆپە هه نگوینەوەبەتەواوی لێی تێر بێت،بۆیە چووە ناو دڵۆپە هه نگوینەکەو تاتەواوتەواو تێری لەدڵۆپە هه نگوینەکە کرد ،بەڵام کەویستی بڕواتە دەرێ نەیتوانی بچێتە دەرێ، ودەست وقاچی بە هه نگوینەکەوە نووسا نەیتوانی لەودۆخە دەربچێت تا بۆماوەیەکی زۆر لەوحاڵە دا مایە وەو مرد..!؟

دڵۆپە هه نگوینێک بووە هۆی لەناوچونی، چونکە ڕازی نەبوو بەکەمی هه نگوینەکە..!!لەم چیرۆکە وە لەوە تێدەگەین ژیان وەک هه نگوینێک وایە گەرئێمە تامی بکەین وبەبەشێکی کەم ڕازی بین سەردەکەوین بەڵام گەرچووینە ناو دەریای هه نگوینەکە وبەبەوشەی کەهه تە ڕازیی نەبی توشی لەناوچون دەبیت بافێربین تامێکی کەمی هه نگوین نەگۆرینەوە بەتامێکی زۆری کاتی......

## ❀ وەک مریشک مەژین لەکاتێکدا دەتوانن وەک هە ڵو بفڕن......❀

پیاوێک کێڵگەی پەلەوەری دەبێت ، لەناویشیاندا کۆمەڵێک مریشی هە یە ،ئەم پیاوە رۆژێک بەرێکەوت هێلانەیەکی تێک شکاوی، هە ڵوی بینی هێلکەیەکی تیادا دۆزیەوە کاتێک کەگەڕایەوە بڕیاریدا ئەم هێلکەیە بکاتە ژێر مریشکێکەوە ،کە لەسەر کۆمەڵە هێلکەیەک هە ڵنیشابوو رۆژان رۆی وچوو ئەم مریشکە هێلکەکانی هە ڵ هێنا لەناویشیاندا ئەم بەچکە هە ڵۆیە وەک جوچکەکانی ئەم مریشکە هە ڵسوکەوتی دەکردو وەک ئەوان نانی دەخواردو رەفتاری دەکرد تا هێدی هدی بووە،هە ڵۆیەکی پێ گەشتو گەورە بەڵام هە روەک مریشکەکان رەفتاری دەکرد ،وەک مریشکەکان تەنیا کەمێک دەفڕی تارۆژێک، لەگەڵ مریشکەکانی هاوڕێی لەشوێنێک دانیشتبون ولەئاسمانی دەڕوانی بینی باڵندەیەک وابە ئاسمانەوە دەفڕێت، ولەمریشکەکانی پرسی ئەوەچیە؟ وتیان ئەو هە ڵۆیە بەهێز وبەتوانایە لەفڕینا ئەولەئاسمان دێت ودەچێ ئەم هە ڵۆیە کەوەک مریشکەکان رەفتاری دەکرد ومریشک بونی هە ڵبژاردبوو بێ ئاگا لەوەی کەئەمیش هە ڵۆیە بۆساتێک لەخۆی روانی و بیریکردەوە ئایا دەتوانێت ئەمیش وەک هە ڵۆیەک بێت!؟ بەئاسمان بگەڕێ و جوانیەکانی دنیا ببینێت؟ ئەو تەنها پێویستی بەکەمێک بوێری و هێز هە بوو تا رۆژێک بڕیاریدا چیتر وەک مریشکێک نەژی ولەکاتێکدا ئەویش توانایەکی لێ هاتویی هە یە بۆبون بەهە ڵۆ چووە سەربەرزاییە ک و لەدوای چەند جار هە وڵدان توانی بفڕێت و لەڕێی فڕینەوە هە ست بەجوانیەکانی ژیان بکات بەوجۆرە بۆ هە میشە لەمریشک بون رزگاری بوو، ژیانی ئێمەی مرۆڤیش وەک ئەم هە ڵۆیەیە تۆخۆت دەتوانی هە ڵبژێریت بەمریشکی بمێنیتەوە !یان وەک هە ڵۆیەک بەئاسمانا بفڕی وهە ست بەجوانی و بەهاکانی ژیان بکەیت ....!!

تەنها پێویستت بە کەمێک بوێری وماندوبون وبڕیارێکی یەکجاری دەبێت لەگەڵ متمانە بەخۆبووون.......

## ❀ بۆ هەموو دڵبرین و خاوەن خەمێك...❀

**{(ولا تهنوا ولا تحْزنوا وأَنتم الْأعْلون إن كنتم مؤْمينين)}**

**خاو مەبنەوە و خەم مەخۆن،ئەگەر باوەڕدار بن بێگومان سەرکەووتون.......**

**وتەی خواوەندی جوان ودڵنەوا**

**س/ العمران #139**

**ئەمەیە مەڵهەم بۆ دڵەکان ،هەر ئەمەیە نەفەسی ژیانبەخش..،کەواتە دڵخۆشبە....**

# ❀ ئەگەر دڵ تەنگبويت...... ❀

ئەوابەم ئايتە گفتوگۆ لەگەڵ خوداى پەروەردگارا بكە (لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ) واتە مەترسە پەروەردگارمان لەگەڵە ئينجا ڕەحمەت و ئارامى پەروەردگار دابەزيە سەريان

ئەگەر نەفست داواى گوناح و سەرپێچى لێكردى ئەوا بەم ئايەتە گفتوگۆى لەگەڵدا بكە

("پێيان بڵێ ئەوە بۆ ئەوان چاكترە يان بەهەشتێكى نەبڕاوە و هەتاهەتايى كەدانراوە بۆ ئەو كەسانەى خۆپارێزن لەگوناح "..)

ئەگەر خەم و خەفەتو نائومێدى ڕوى تێكردى وەخەڵكى قسەيان لەسەر دەكردى بەم ئايەتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەم خەمو خەفەتەدابكە

({ ولقد نعْلم أنكَ يضيق صدرك بما يقولون{97} فسبحْ بحمْد ربّك وكن من الساجدين)}{98} الحجر

ئێمە دەزانين تۆ بەو قسانەى ئەوان دەيكەن بەرام بەرت تۆ دڵت ئازاردەچێژێت، وازيان لێبێنەو يادو سوپاس گوزارى خوابەرز ڕاگرە نوێژ بكەو لەگەڵ سوجدەبەراندابە.

لە كتێبى ئارامبە

نووسينى عمر آل عضە

## ❀ هه رچیەکت بەسەرهاتبێ بۆئەوەیە بگەڕێیەوە...❀

**حسن البصری دەفەرموێت:هەر شتێك خوا بە کەسێکی دابێت تەنها بۆئەوەیە سوپاسگوزاری تاقی بکاتەوە،**

**وە هەر شتێکی لەکەسێك قەدەغە کردبێت تەنها بۆ ئەوەیە ئارامگری و سەبری تاقی بکاتەوە،کەواتە سپاسی خوا بکەلەو شتانەی هەتە،وە ئارام بگرە لەو شتانەی کەنیتە،سپاسی خواگیان بکە بۆ ئەوشتانەی کەپێی بەخشیویت وە ئەوشتانەی کەپێتی نەبەخشیوە،هە میشە سپاس گوزاربە چونکە سپاس گوزاری دەبێتە زیادبوونی نعمەتەکانت ،تەرکیز دەخاتە سەرهە بووەکانت لەناخەوە ئاسودەو دڵخۆشە بی**

**هە میشەبڵێ: الحمدالله علی کل حال....**

## ❀ تەنها یەکشت گرنگە بۆدڵخۆشبوونت...❀

مەولانای دڵان دەفەرموێت: تەنها یەک شت گرنگە لەژیانت کەهی ئەوەنیە فەرامۆش بکرێت ،گەر

هە مووشتەکان فەرامۆش بکەی گرفت نیە ،تەنها ئەمە فەرامۆش مەکە وەئەگەر هە مووشتەکانت لەبیربێ وئەمە

فەرامۆش بکەی وەک ئەوە وایە هیچت نەکردبێ بۆنموونە پاشایەک کاربەدەستێکی خۆی دەنێرێت بۆکارێک هە رچی

کارێکە ئەنجامی بدات جگە لەوەی پاشا داوای لێکردووە کە کاربەدەستەی کە گەڕایەوە

هە رچەند ماندوشببوێت بەئەنجامدانی چەند ئەرکیکی

ترکەگەڕایەوە بۆلای پاشا وەک ئەوە وایە هیچی نەکردبێت ..!!چونکە ئەوەی پاشا لئی دەویست ئەنجامی نەداوە ژیانیش

بەم چەشنەیە خودا

هە موومانی لەپێناو ی کارومەبەستێک بەدی هێناوە

کەبیپەرستین وکاربەرێگاکەی ئەوبکەین کەبۆی دیاری

کردوون گەروامان نەکرد هە رچەند هیلاکیش بوبین

لەژیان هە رچەند کارت ئەنجام دابێ سودی نیە

کاتێک دەگەڕێیەوە لای پەروەردگارت.

چونکە خۆی دەفەرموێت: من پەری و جنۆکەم تەنها

بۆئەوە دروست کردووە کەبمپەرستن ..

بۆیە رێگاکەت ون مەکە ئەوئەرکەی پێت سپێردراوە

ئەنجامی بە بۆئەوەی کەگەڕایتەوە بۆلای پەروەردگارت

بەسەربەزی وبەدڵخۆشیەوە بگەڕێیتەوە بۆلای..

## ❀ ئێمە کەی توشی خەم دەبین...❀

ئێمە ئەو کاتە توشی خەم دەبین.

کە هەمیشە لەبەرامبەر هەڵوێستەکانمان چاوەڕێی پاداشت دەکەین،کاتێک کەسێکت خۆش دەوێت چاوەڕێی ئەوە مەکەوە کە تۆی خۆش بوێتەوە ..

کاتێک متمانە بە کەسێک دەکەیت،چاوەڕێی متمانەی لێ مەکەوە ،کاتێک ڕاستگۆی لەگەڵ کەسێک چاوەڕێ مەکە کە ڕاستگۆ بێتەوە لەگەڵت،کاتێک دەستی پیرێک دەگیریت،چاوەڕێ مەکە لە پیریدا دەستت بگیرێتەوە

بەڵام هەڵوێستی خۆشت مەگۆڕە لە بەرامبەر

ئەوەی کە پاداشتت نادەنەوە،ئەوەش بزانە ئەنجامی هەڵوێستی جوان هەر جوانییەهەر لەبەر ئەوە

هەمیشە بێ بەرامبەر جوان بە ،

میهرەبان بە"ئاسودەبە"دڵخۆشبە"

## ❀ هێلانەیەکی بچوکم هە بوو...❀

**رۆژێک چۆلەکەیەک بەخودای میهرەبانی وت :هێلانەیەکی بچوکم هە بوو،ئارامی ماندویتیم بوو،سەرپەنای بێ کەسیم بوو..!**

**زریانێکی بەهێزی تۆ لێی سەندم چ ڕێیەکی**

**لەجیهانی خوایەتی تۆگرتبوو..!؟**

**خودا فەرمووی: تۆخەوتبوی مارێک بەرەوهێلانەکەت**

**هات منیش فەرمانم بەباکرد هێلانەکەت ژێر وژوربکات**

**تۆش ئەوکات لەداوی مارەکە ڕزگارت بوو..!!**

**بەهۆی دانای خۆمەوە دەردوناخۆشی زۆرم لێ لادای**

**بەڵام تۆنەزانانە هە ستای بەدوژمنایەتیم..!!**

**بۆساتێک بیر لەم چرۆکە بکەوە ئەوکاتەی توشی نەهامەتیەک دەبیت، وپێت وایە کەخودا زوڵمی لێکردوی ..! ئەم چیرۆکەت بیربێتەوە ئەوەی تۆپێت وایەغەزەبی خودایە جوانترین یارمەتی خودایە**

**تێ بگە نەهامەتیەکانیش خێری تیایە وە بیرت بێ خودا چەند رێزی لێناوی و چەندخۆشی دەوێیت خواگیان خۆی دەفەرموێت:((فان مع العسر یسرا))**

**دوای هە مووناخۆشیەک خۆشی دێت، کەواتە تێبگە ناخۆشیەکانیش جوانترین حکمەتیەکان لەپشتەوەیە ..**

## ❀ سوپاس گوزاری خودابە......❀

دووهاورێی هە ژاربەیەکەوە پیاسەیان دەکرد

یەکیان وتی باشە ئێمە لەکوێبووین، کاتێک خودا

ئەووهە موو کۆشک وتەلارەی دابەشکرد....؟

هاوڕێکەشی دەستی گرت وبردیە نەخۆشخانەیەک

پێی وت:ئەی باشە ئێمە لەکوێ بووین کاتێک

ئەوهە موو نەخۆشیە دابەشکرا..؟!

لەم چیرۆکەوە فێری ئەوەبە کە ناشوکری نەکەیت

تەماشای ئەوانەمەکە لەسەروتۆداون و دەوڵەمەندن

دڵنیابە تاقی کردنەوەی ئەوان زۆرگرانتر وقورسترە

سپاسی خودا بکە کەنیعمەتی پێبەخشی ویت وەک

هە رمرۆڤێک وسپاسی خودا بکەبە

تاقیکردنەوەی سەختر تاقیت ناکاتەوە بیرێک لەوهە موو

نەخۆشی وبێ دەرمانانە بکەوە، ملوێنەها خەڵک بەدەستیە وەگرفتارو گیرۆدەن، من وتۆش ساغو بێ کێشەین دەسپاسی خودا بکە ، هە میشە لەئاستی خۆت بەرزتر مەڕوانە لەڕوی مادی و پارەوە سەیری لەخوار خۆتربکە بزانە خاوەنی چەند نیعمەتی بێشوماری..!

## بۆئەوەی دوربیت لەبیرکردنەوە نێگەتیڤەکان.....

**من بەتەجروبەی ژیانم ،ئەم تاقی کردنەوەیەم ئەنجامداوە زۆرسودم لێی بینیوە، بۆئەوەی تۆی**

**ئازیزیش سودی لێببینیت ،مێشکت بەدوربێت لەشتی خراپ و بیرکردنەوەی سلبی، لێرەدا ئاماژەی پێ ئەکەم**

**مێشکی مرۆڤ لەدووکاتی جیاوازدا شت وەردەگرێ**

**شەوان پێش خەوتن وبەیانیانیش دوای هە ستان لەخەو**

**ئینجا بۆئەوەی مێشکی تۆش بگۆڕێت وبەتاڵ بێت**

**لەبیرکردنەوەی خراپ ونێگەتیفانە بۆماوەی**

**هە فتەیەک یا دووهە فتەیەک ئەم ڕاهێنانە بکە:.**

**هە مووشەوێک کە چویتە سەر جێگەی نووستنەکەت**

**باکۆتا شت ئەم ڕاهێنانەبێ ،هە مووشەوێک لەبەرخۆتەوە،لەجێگاکەی خۆت بیڵێ وبەیانیانیش**

**هە رکە هە ستای لەخەو دوبارەیان کەوە چەند جارێک...........**

***من دەتوانم**

***من دڵخۆشم**

***من بەهێزم**

***من ناترسم**

***خودا یارمەتی من ئەدات**

***خودا من بەجێ ناهێڵێت**

***من دەتوانم بەسەر کێشەکانم دا زاڵبم**

**دڵخۆش بە**------------------------------------------

*من دەتوانم خەمەکانم تێ پەڕێنم

*من شایەنی دڵخۆشبونم

*من ناڕوخێم

*من دەتوانم سەرکەوتوبم

*من دەتوانم من دەتوانم

باوڕکە زۆرسودی لێ دەبینیت دوای ماوەیەک

دەبیتە کەسێکی تر کەسێکی بەهێز ومتمانە بەخۆبوو

تەنها ئیرادەت هە بێ،ئەم ڕاهێنانە لەبیر مەکە..

ئەوکات دەبینی چەند ئاسودە ودڵخۆشیت

## ❀ ئەوە تۆیت کەدەبێ بەرگەی ناڕەحەتیەکان بگریت...❀

ئەوە تۆی دەبێ ڕەشەبای ساردی ژیان ڕومەتت بتەزێنێ و گەردەلوولی ناخۆشیەکان هەڵکەنە سەرت نەک کەسێکی تر ، ئەوە تۆی دەبێ ئارەقەی ماندوو بوون برێژی و چاوەکانت ئاشنای دونیایەکی پڕ لە خۆشی و ئازار بکەی ، تەنها توانای خۆتە کە خەونەکانت دەکاتە ڕاستی ، بەرهەم و ڕەنجی خۆتە لە کۆتایدا دڵ و دەروونت شاد دەکات یاخود سەرسام و بێ ئۆقرەت دەکا نەک کەسێکی تر.........

لەکتێبی مرۆڤێک لە ڕێگادا

## ❀ ئە م خاڵانە لەژیانت جێبەجێ بکە بەرەکەت ئەکەوێتە ژیانتەوە وە دە بێتە هۆی دڵخۆشیشت..❀

**١-دوعاکردن : کەکەسی تەمەڵ و بێ ئومێد**

**ناتوانێ دوعا بکات ..**

**(( بەیەقینی تەواو بە زەلیلی دوعا بکە چونکە خوا پەروەرێنی هەموو ئاسمانەکان و زەوی و دەریاو زەریاکان وشاخەکان و دەشت و دارستان وگیانەوەران و باڵندەکان و مرۆڤەکان و کانزاو ناکانزاکانە ، هەرخۆی دەوڵەمەندترینی هەموو دنیایە و خاوەنیەتی بەوانەی ناویشیەوە ) )**

**بۆیە بە تەنها زۆر دوعاکردن ئەگەیتە ئەمانەی خوارەوە**

**٢- تەوحید : داوای تەوحید بکە کە دوور بیت لەهەموو کوفرو شرك و گروپ و حیزب و بیروباوەڕو مەبدەئێك**

**((بەندەی خوا بە نەك بەندەو شوێنکەوتەی دروستکراوێکی وەك خۆت ) )**

**٣-ئیخلاس : داوای ڕاستگۆیی و دڵسۆزی پڕاوپڕ و تەواو بکە لە خالقی جوان کە هێندەی گەردێکیش هیچ کارێك و کردەوەیەکت بۆ هەواو نەفسی خۆتی تیانەبێت تەنها لە پێناوی پەروەردگاردا بێت**

**٤-زانست : داوای زانست بکەو یەقینت هەبێ بەوەی کە زانستی بێ شك و بێ گومان ((لاریب فیە) )تەنها قورئان و فەرموودە ڕاست و دروستەکانن**

**(( زانست بێنە بۆلای قورئان و سونەت ئەگەر یەکی نەگرتەوە زانستەکە پڕی خەلەلە ) )**

**٥ -ئازایەتی : ئازابەو شەرم مەکە لە ئاداکردن و گەیاندنی پەیامەکەت، و دینەکەت کە ئیسلامە چونکە بەوەفابەو لەبەرچاوت بێت کە خوای گەورە لەناو هە شت ملیار مرۆڤدا تاجی تەوحیدی کردۆتە سەرت و تۆی کردووە بە خۆشەویست و باوەڕداری خۆی وە بەرزی کردوویتەتەوەو لە ئەنجامیشدا ژیانی هەمیشەیی ((خۆشترینی خۆشیەکان ) )بەهەشتت پێ ئەبەخشێ (( عەقڵی پێداویت کە نەبوویتەتە مولحیدی سەرلێشێواو ، مانگا پەرست ، مرۆڤ و سەرکردە پەرست ، قەبر پەرست و موشریك ، بت و داروبەرد پەرست ، خۆپەرست و هەواو نەفس پەرست ...هتد) )**

ئەگەر ئەم چەند خاڵەت جێبەجێ کرد تۆ هەموو ژیانت ئەبێتە بەدڵخۆشی و بەرەکەت....

## ❀ هە میشە هیوات هە بێ...❀

زانایان ژمارەیەک مشکیان خستە نا مەلەوانگەیەکی ئاوەوەهەموو مشکەکان تەنها ١٧ خولەک توانیان زیندوو بمێننەوە و لە کۆتاییدا خنکان!!!

دیسان زانایان سەرەڕای ئەوەی کە دەیانزانی

مشک زیاتر لە ١٧ خولەک زیندوو نامێنێتەوە ژمارەیەکی تر مشکیان خستە ناو هەمان مەلەوانگەوە و بە ئاگایی لە ١٧ خولەک تا مردنی مشکەکان هەموو مشکەکانیان پێش لە ١٧ خولەک لە ناو ئاوەکە دەرهێنا و هەموویان بە زیندوویی مانەوە.

مشکەکان پاش ماوەیەک هەناسەدان و پشوو وەرگرتن دیسان خرانەوە ناو ئاوەوە!!!!!

گومان دەبن ئەم جارە چەند خولەک زیندوو ماونەتەوە؟؟؟

٢٦ کاژتژمێری پێ چوو تا ئەوان مردن.

ئەوان بە هیوای ئەوەی کە دیسان دەستێک دێت و ڕزگاریان دەکات،٢٦ کاتژمێری تەواو بەرگەیان گرت!!!!!

چونکەهیوا باشترین و بەرزترین هیزی جوڵاندنی ژیانەوهە موو شتەکان لەهیواوە سەرچاوە دەگرێت بونمونە....

**هەموو عاشقەکان کە بە یەک نەگەیشتن**

**هەموو ئەو دووکاندار و کاسبکارانەی کە هەڵشکان**

**هەموو ئەو نەخۆشانەی کە شیفایان پەیدا نەکرد**

**هەموو ئەو هەوڵانەی کە ناکام مانەوە**

**زۆربەیان لە نەبوونی هیوا بووە...!**

**هەمیشە هیوات بە سبەینێیەکی باشتر هەبێت**

**هەمیشە هیوات بە ڕحمەتی خودا هەبێت**

**ژیانتان سەراسەر لە هیوا**

**شێوازی خۆکوشتن لە هەر کەسێک، تایبەت بە خۆیەتی...!**

**یەکێک ئیتر جلی جوان و کەشخە لە بەر ناکات...**

**یەکێک ئیتر،هیچ شتێک بە ئاوات ناخوازێت...**

**یەکێک ئیتر،زۆر بە خۆی ڕاناگات...**

**یەکێک هەمیشە گوێ لە گۆرانی خەمگین دەگرێت...**

**یەکێک ئیتر،وێنەی یادگاری لە خۆی ناگرێت...!**

**یەکێک میهرەبانی ناکات...!**

**یەکێک ئیتر،میهرەبانی قەبوڵ ناکات..!**

**پاولۆ کۆلیلۆ ڕاستی وتووە کەدەڵێت**

**زۆرینەی مرۆڤەکان لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا دەمرن و لە ٨٠ ساڵیدا بە خاک دەسپێردرێن...!**

## ❀ دە ڕێگەی یارمەتیدەر بۆ وازهێنان لە تەمەڵی.....❀

ژیان پێویستی بە چالاکی هەیە ،چالاکیش بە هاندەری بەدیهاتنی ئامانجەکان دادەنرێت جا خاڵێکی بە هێز بۆدڵخۆشبونیش دورکەوتنەوە لەتەمبەڵی، سەرکەوتن پێویستی بە کارکردنی بەردەوام هەیە کە مرۆڤ بە هۆیەوە تامی ئەو خۆشیەی دەیەوێ دەکات ،بەڵام ڕێگر هەیە لە کارکردن ئەویش تەمەڵی یە ،بۆ ڕزگار بوون لە تەمەڵی پێویستی بە چەند هەنگاوێك هەیە ئەوانیش:

١- بە جوانی کارەکانت بکە، چونکە هۆکارێکی بە هێزە بۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێك یان سەرەتا بەرنامەیەکی ئاسان دابنێ پاشان کەم کەم بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ، دوای ماوەیەك پێش کەوتنیی چاوەڕوان نەکراو دەبینیت.

٢- پێویستە لەسەرت بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە تەندروستیت بدەیت.

٣- بزانە چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی بتجوڵێنێ بەرەو گۆڕان و هۆکارت بێ بۆ بەرەو پێشەوە چوون،گرنگی پێ بدە.

٤- بیرت نەچێت پشت بە خوای گەورە ببەستە و داوای یارمەتی و دوعا بکە ،ئەوە گرنگترین هەنگاوە بۆ نەهێشتنی تەمەڵی.

٥- تەرکیز لەسەرچۆنێتی بکە ، نەک چەندێتی

بۆنمونە گەر هە ریەکێک ، دەپەڕە لەقوئان

بخوێنینەوە بەتێگەشتن وماناکوردیەکەی (تفسیر)

زۆرباشترە ، لەوەی دەجوزئی قورئان بخوێنینەوەو لێی

تێنەگاتوکاری پێنە کات ..

٦- هەمیشە با کاتی حەوانەوە و پشوو و ئیسترخات هەبێت ڕۆژانە بێت یان هەفتانە.

٧- هاوڕێیەتی کەسانی تەمەڵ و ئەوانەی ساردت دەکەنەوە مەکەو بە دوای کەسێکدا بگەڕێ کە ببێتە هۆی چالاکی و چاندنی هیوا و ئیجابیەت و هاندانت.

**٨-کاتەکانی خەوتنت کەم بکەرەوە.**

**٩- ئارام گرتن بکەرە خویەکی ئاسان و بیکەرە بازنەی حەوانەوە.**

**١٠- عەقڵت زاڵ بکە بەسەر هەست و سۆزت دا لە کاتی بڕیار دان**

## دەبێ هۆکارەکانی سەرکەوتن چیبن لەژیاندا...؟

**مامۆستایەک دەڵێت لەژورەکەی خۆمدا دانیشتبووم**

**لەخۆم دەپرسی دەبێ هۆکارەکانی سەرکەوتن**

**لەژیان چیبن..؟!هە رلەناوچوارچێوەی ژورەکەمدا وەڵامەکەم دەسکەوتەوە...!!سەقف وبنمیچەکە دەیگوت:**

**خەونەکان بەرزن،پەنجەرەکە دەیگوت:سەیری ژیان**

**بکە ولێی ورد ببەرەوە،کاتژمێرەکە دەیگوت:هە موو**

**خولەکێک گران بەهایە،ئاوێنەکە دەیگوت:پێش ئەوەی کارێک بکەی بیری لێبکەوە ،رۆژ ژمێرەکە**

**دەی گوت:یەک بەیەک بەدواداچونی بۆبکە**

**دەرگاکە دەیگوت بەتوندی پاڵی پێوە بنێ تاباشتر**

**بەئامانجەکەت بگەیت ،زەویەکەشم بیرناچێت**

**کەدەیگوت:سوجدە بۆئەوزاتە ببە کەدروستی کردوی**

**نوێژی بۆبکەو لێی بپاڕێوە کەوابوو ئەوەی بیەوێ لەژیانیدا سەرکەوێت دەبێت بیرکردنەوەو**

**سەرنجدانی هە بێ ورێی گەشتن بەئامانجەکە بگرێتە بەر وپەیوەندی لەگەڵ پەروەردگاریا پتەو بکات**

**کاتێک کڕنوشی بۆدەبات لێشی بپاڕێتەوە و بڵێ**

**خودایەگیان ئەوەی لەتوانام بوو من خستمەتەکار**

**تۆش بەسۆزو گەورەی خۆت یارمەتیم بەو**

**سەرکەوتوم بکە،دڵخۆشم بکە....**

## ❀ لەبێ ئومێدیەکانت دوربکەوە......... ❀

**کاتێک بێ ئومێدی ڕووی تێکردی**

**یاخود هە ستت کرد،کاروبارەکانت لەبەردەمتدا ئاڵۆزبوون، هاتنی ئەوبیرۆکانەی چاوەڕێیان دەکەیت**

**تولانی بوون,ئەوالەتۆماری یادەوەریەکانت یان لەسەر شریتی کاسێتێک ئەوەی بێزارت دەکات ,یاخود توشی تێکشکان وهیوابڕانت دەکات تۆماری بکە,وەبڕیاربدە دەست لە بێ ئومێدیەکانت هە ڵبگرە،وبڕیاربدە بۆڕزگاربون لێی دواتر ئامادە دەبیت بۆکاری داهێنەرانە بەشێوازێکی باشتر بڕیاربدەو دەست پێبکە لەبێ ئومئدیەکانت دوربکەوە خەمەکانت بۆدورفڕێبدە یادگاریە جوانەکان زیاتربکە وتێفکرە, تۆ چوزانی بەڵکو خوای گەورە دۆخێکی باشترت بۆ بێنێتە ئاراوە تەنها لەگەڵ خودابە ، بیر لەوە مەکەرەوە خوای گەورە چۆن دەرگاکان دەکاتەوە ، ئەگەر خوای گەورە مەیلی لە کارێك بوو ،هۆکارێکی وای بۆ دەخوڵقێنێ کە بە سەر دڵی هیچ کەسێکا نەهاتبێ تەنها لەگەڵ خودا بە بەڕاستی نەك بە ڕووپامایی...........**

.

## ❀ باشترین نموونه چیه کەپەیڕەوی بکەین لە ژیان ..❀

له دەرون ناسێکیان پرسی :

باشترین نمونه کەپەیڕەوی بکەین لەژیان چیه تا هەمیشه دەرونمان ئارام بێ ؟گووتی :

( منداڵانه بژین ) باشترین شته ،گووتیان چۆن؟ خۆ منداڵ هیچ نازانێ .. ؟؟گووتی زۆر هەڵەن ، منداڵەکان شەش تایبەتمەندیان هەیه که نابێت هیچ کات له بیری بکەین ،یەکەم : هەمیشه به بێ هۆکار شادن .

دووەم : بەردەوام خۆیان به کارێکەوە سەرقاڵ دەکەن .

سێیەم : کاتێک شتێکیان دەوێت تا به دەستی نەهێنن دەست له پێداگری هەڵناگرن .

چوارەم : دڵ به هیچ شتێک نابەستن .

پێنجەم : کاتێک لەگەڵ یەک دەبێته شەڕیان خێرا ئاشت دەبنەوە و ڕق و کینه بەرامبەر یەکتر له دڵ هەڵناگرن .

شەشەم : به ئاسانی دەگرین و به ئاسانیش پێدەکەنن

کەواته ، هه ندێک جار منداڵانه بژین ..!! تا هه ست بەدڵخۆشی بکەیت ژیان هه ندێک جار خۆگێل کردنی دەوێت لەئاست خەمەکان وکێشەکانت تۆگەشبین به

لئگەڕێ دونیا چۆن وێران دەبێت بابێت... زەردەخەنەبکه بیرت بێت بەخەمەکانت ناتوانی جیهان بگۆڕیت.....

## 🏵 مرۆڤ گەلێکی زۆرهە ن جیاواز لەیەکتر.....🏵

ئەزانی مرۆڤ گەلێکی زۆر هەن زۆرجیاواز لەیەکتری هەریەکەو بەهۆکارێک دڵخۆش دەبێت ،هەریەکەو بەئاواتێکی هەیەهەر یەکەو خەمێکی لەدڵدایە.

رەنگە هۆکارەکەی کەسێک بێت، یان ئاواتێکی بەدی نەهاتوە یان ئەسڵەن خودی خۆی بێت

بەڵام دڵنیابەهەموو ئەوشتانەی کەهۆکارن بۆ دڵخۆشیت نامێنن .ئیتر چی دەکەیت ؟

لەگۆشەیەک دادەنیشی دەگریت وخەم دەخۆیت

بەڵام تاکەی ؟ دڵنیابە کەس نایە دەستت بگرێت هەرخۆتی بەتەنیا گریان مرۆڤ ئاسودە دەکات ،

بەڵام بێسودە فرمێسکەکانت بسرە تۆ شایەنی دڵخۆشیت ،بەخۆت بڵێ تا ئێرەو بەس بەس من بەهێزم خۆت بدۆزەوە تەنها خۆت هۆکاری دڵخۆشی بە

خۆت هەرگیز لای خۆت نارۆی و هەر کاتێک ماندو بوی نەکەی وازبێنی خۆت بەهێز بکەوە، تۆ سەردەکەوی مەهێڵە کەس فرمێسکەکانت ببینێ، بۆکەس گرینگ نیە بەهێز بە تۆ دەتوانیت،بۆیە خۆتت خۆشبوێ

وتەی مامۆستاکەم دیمەن محمەد

## ❀ کەمێک بیر بکەوە...❀

**بۆساتێک کەمێک بیر بکەرەوە**

**کاتەکانت چۆن و بە چی سەرفەکەیت؟!**

**ئەمە فەرمودەی خودایە کە ئەفەرموێت:**

**سوێند بە کات و زەمانە١*هەموو ئینسانێک خەسارەت مەندە٢ *جگە لەوانەی ئیمان و باوەڕ یان هێناوە بە پەروەردیگار و کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە وەسیەت و ئامۆژگاری یەکتریان کردوە بۆ ڕێگای حەق و ڕاستی و ئامۆژگاری یەکتریان کردوە لەسەر ئارام گرتن و خۆ ڕاگری ٣*داخ هەڵ مەکێشە بۆ شتێک کەشیاوی داخ هەڵ کێشان نیەبەڕاستی ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی بەختەوەری ڕاگیر بکات قوڵی بکاتەوە ، گەورەی کات ، گرنگی نەدانە بە شتی پرو پوچ، خاوەنی هیمەتی بەرز گرنگی و بایەخ دانە بە ئاخیرەت، هەندێک پێشینە کە وەسیەتی یەکێ لە براکانی دەکرد، دەیوت هەموو بایەخەکان بکە بە یەک بایەخ ئەویش گرنگی دانە بە گەیشتن بە دیداری خوداو بایەخدان بە دوا ڕۆژ ..)({ یومئذتعرضون لا تخفی منکم خافیة})**

**واتە: (ئەو ڕۆژە هەموو کارەکانتان پیشان دەدرێت هیچتان لێ ناشارێتەوە)بۆیە کاتەکانت بەخەم خواردن بەرێ مەکە بەزکرو یادی ئەوبەڕێی بکە بیرت**

**بێت ڕێگایەک سەرەتاکەی بەویستی خودانەبێت کۆتاییەکەی بەدڵی خاوەنەکەی نابێت....**

## ❀ ئەوپیاوەی هە میشە دڵتەنگ وبێزاربوو..❀

پیاوێک زۆردڵتەنگ بوو چووبۆلای زانایەک...

وتی من هە میشە دڵتەنگ وبێزارم ...؟!

چۆن لەم خەمانە ڕزگارم بێت..؟!

زاناکە پێی وت ئایا کەهاتیە ئەم دنیایە

ئەوخەمانەت لەگەڵ بوو..؟!

پیاوەکە گوتی نەخێر

زاناکەگوتی: کاتێک کەدەمری لەگەڵ

خۆت ئەوخەمانە دەبەیتە ناوگۆڕ ..؟!

پیاوەکە گوتی نەخێر

زاناکەش گوتی: دەی کەوایە شتێک کەهی خۆت نەبێت

بۆهە ڵی دەگریت..؟!!!!!

کەواتە تێبگە ژیان کاتیە هە موو خەم وناخۆشیەکانیش

تاماوەیەکن چونکە ئەوە تاقی کردنەوەی خودای گەورەیە هە میشە بیرت بێ خودا بارێک ناخاتە سەرشانت کەتواناى هە ڵگرتنت نەبێ ئەبێ بوێربیت گەرلەم دونیا بەهە شتێکت دەست نەکەوت لەودنیا بەهە شتێک هە یە ژیانێکی کامەران وئاسودەی هە میشەی هە یە تەنها متمانەت بەخودا هە بێ یەقینت پێی هە بێ هیچ ئەستەم نییە

ڕەنگە بەیانی ئەو ڕۆژەبێت کە دەتەوێت!تۆ مەڵێ "نا"خودا دەزانێت تەنها هیوات هەبێ و بڵێ

( حسبی الله ونعم الوکیل)

## ❁ باشترین دەرمانی ئاسودەیی چیە...؟❁

**لە پزیشکێکیان پرسی باشترین دەرمانێک**

**بۆئاسودەی چیە ...!؟پزیشکەکە لەوەڵامدا وتی**

**{(رێجیم - هێمنی و لەسەر خۆییـ شادی و دڵفراوانی})**

**کەم خواردن لە گەڵ هێمن و لەسەر خۆیی و**

**خە ندە ،چارەسەرێکی ئێجگار بەسودە**

**هەر پرسیاری لێ ناکرێ ،پزیشکەکە :وتی**

**چونکە قەڵەوی نەخۆشیەکی درێژ خایەنەوکوشندەیە، چونکە قەڵەوی زیرەکی دەبات**

**هێمنیش خۆشیە بۆ، دڵ جەژنە بۆ ڕۆح**

**ڕوو بەخەندە شادی خۆشیەک بە پەلەیەوخۆراکێکی بەسودە بۆت.........**

## ❁ ئەو کەشتیە ی کە نوقمی دەریابوو...❁

کەشتییەك لەنێو دەریا بوو، رەشەبایەکی توند هەڵیکرد و کەشتییەکەی هەڵگێرا، بەشێکی زۆر لە سەرنشینانی نێو کەشتییەکە، نقوومی دەریا بوون و خنکان، هەندێکیشیان رزگار بوون، لەنێو رزگاربووان پیاوێکی بەتەمەن، کە خۆی بە پەلەدارێکی کەشتییەکە گرتەوە و تا گەیاندیە دوورگەیەکی پڕ لە داری بێ مرۆڤ و دووره دەست ،کە خۆی لەو بارە بینیەوە، بەتەواوی ئومێد بڕ بوو و لەخوا دەپاڕایەوە کە لەو دوورگەیە رزگاری بکات،

رۆژان هاتن و رۆیشتن، پیاوەکە تەنیا گەڵای دارەکانی دەخوارد، ئەگەر رۆژێك بیتوانیبا کەروێشکێکی ئەو ناوچەیە بگرێت و بیخوات، ئەوا جەژنێك بوو بۆ خۆی لە قەد و گەڵای دارەکان، ماڵێکی بچووکی بۆ خۆی دروست کردبوو، تا هیچ نەبێت لەو سەرمایە مرۆڤتەزێنە رزگاری بکات،رۆژێك کابرا کەروێشکێکی گرتبوو و لەنێو کوخەکەی بە ئاگری دار دەیبرژاند، بۆ گەڕان بەدوای دار هاتە دەرەوە و لە کوخەکە دوورە کەوتەوە، کە هاتەوە چ ببینێت، کوخەکەی بەتەواوی سووتاوە، بۆتە خۆڵەمێش**!** ... بە ناشوکرییەوە گوتی: خوایە گیان، کە رزگارم ناکەیت، بۆ ماڵم دەسووتێنی، ئاخر گوناهم چییە ئەو هەموو مەرگەساتەم بەسەر دەبارێنی؟**!**دوای چەند کاتژمێرێك، کەشتییەکی بینی لە دوورەوە بەرەو رووی دێت و کە نزیکتر بووەوە بەلەمێك لە کەشتییەکە بەرەو رووی هات بۆ دەربازکردنی کە هۆکاری هاتن و زانینی شوێنی خۆی لێیان پرسی، گوتیان: کە دووکەڵی ئاگرمان لە دوورەوە بینی، زانیمان یەکێکە لەو دوورگەیە، داوای هانابردن و رزگاربوون دەکات ....**!!** لەم چیرۆکەوە فێری ئەوەبە نەهامەتیەکانیش خێری تێدایە فێربووم ئەوەی من پێم وابوو مەرگەساتە ،رزگاربون بووناشوکرمەبە بەرامبەر نەهامەتیەکان بۆیە دەکرێ گەورەترین ئازارەکانیش دیاریەکی جوان وچاوەڕوان نەکراوت پێش کەش بکا ....

## ❀ مرۆڤە بەندکراوەکەی نێو ناخت ڕزگاربکە....❀

زۆرێک لەئێمەی مرۆف هە رگیز دەرفەت نادەین

بەومرۆڤە ڕاستەقینەیەی کەشاراوەتەوە لەناخیاندا تاوەکو بێتە ڕوو،سەرەنجام لەژیانێکی دامرکاو ناخۆشدا

دەژین،لەبری ئەوەی هە ستن بە گەشەپێدانی خۆیان

وتەمێکردن وخۆڕاهێنانیان ،تاوەکو هە رشتێک دەتوانن بەدەستی بێنن وەک دڵخۆشی ,بەختەوەری ،خەونەکان

دەبینین هە نگاوێکی هێواش ولەرزۆک هە ڵدەگرن بۆپێشەوە،بەکوێرانەوبێسەروبەر لەگەڵ گشت شتەکانی ڕۆژانەدا

مامەڵە دەکەن ،تۆدەتوانیت جیاوازبیت

لەگشت ئەوکەسانە ئێستابڕیاربدە دورکەویتەوە،لەو دامرکان و سەرکوتکردنە ئەوبەهرەو توانا ناوازا نەت دەربخەیت

کەخودای گەورە پێی بەخشیویت وتۆبەندت کردووە،ئەوانەی لەناخت دان تەنها چاوەڕێی ئەودەکەن کەتۆ ڕزگاریان

بکەیت ئەوشتانەی کەدەترسێنن فڕێی بدە و خەمەکانت فڕێبدە وشادیەکان

بیینە ,وەلەوکەسانەش ببورە کەپێویستیان بەلێبوردنە

هە میشە باوڕت بەوە هە بێت کەتۆدەتوانیت وئەوەی دەتەوێت بەدەستی بهێنیت،تەنیا بەوەی هە مووجارێک هە

نگاوێکی نوێ بنێیت تەنیا یەکجاریش بڕیابدەی لە هە رجارێکدا ،ئیدی یەک ئاکامێکیش بەدەست دێنیت

لەگشت جارێکدا،شادیەکانی نێو ناخت دەربخەو خەمەکانت بۆدورفڕێبدە ،بەردەوام بە بەئومێد

وسوربونت...........

## ❀ وتەی کۆتایی... ❀

من ئەگەر

کۆڵان بە کۆڵانی

دڵتەنگیش گەڕابم ، لە کۆتایی

هەموو دیوارێک ئەنووسم

هیوای گەیشتن بە کوچەی خۆشبەختی

لەدەست نادەم....

---

گەرچی نوسینەکانی ئەم کتێبە کورت ،وسادەبوون

بەڵام بەوئومێدەم سودم گەیاندبێت

بەتۆی ئازیز........

ئەم پەرتوکە خنجیلانەیە ، وکامەرانی و ئاسودەی بەسەرژیانتا باڵبکێشێت، بیرت بێت تۆشایەنی

دڵخۆشبونی وەباشترین پێناسەیەک بۆخۆت ئەوەیە کەتۆ لەکەس ناچیت،لەکەس زیاتر نیت

لەکەس کەمترنیت...

وەک چۆن د. ابراهیم فەقێ "دەفەرموێت:

گەربەوجۆرەی کەهە یت بەختەوەرو دڵخۆش نەبیت ئەوکاتیش دڵخۆش نابیت کەبەوشێوەیەت

لێدێ دەتەوێ ...!!

دڵخۆشبە بەوجۆرەی کەهە یت بیرت بێت ناخۆشیەکانت تاسەرنین ..

**خودا دەفەرموێت:({ لاتقنطواْ من رحمة ٱللّه})**

**هەرگیز نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خودا.**

**هەرچەن ژیان قورسە بەڵام ئومێد بوون بەخودا جوانترینە ، بۆ ئەوەی ئەم ژیانە بەسەرکەوتووی و دڵخۆشیەوە تێپەڕێنیت ، هە میشە بیرت بێ**

**تۆ دەمریت،ژیانیش دەمرێت،مردنیش دەمرێت ، کەوایە پێبکەننە ، ژیان بۆخەمی تۆ ناوەستێت، بە باوڕ و بەمیهرەبانی و بەسادەی ودڵخۆشیەوە بژی...**

**دڵخۆشبن...**

**کۆتایی...**